## بۆ بەڕێوەبەری رادیۆ سوید ( SR )

## بابەت: <u>پاشاگەردانی کات</u> لە رادیۆ زایەلە دا

بە هۆی ئەوەی ئەم بابەتانە پێوەندی بە گوێگرانی رادیۆ زایەڵەیشەوە هەیە، بە باشم زانی لە رێگای ئەنترنێتەوە بیخەمە بەردەست ئێوە و گوێگرانی رادیۆ.

لە رۆژی 2001/1/6 دا لە بەشی زمانە بیگانەکانی رادیۆ سوید، رادیۆیەکی کوردی بەناوی **زایەڵە** یەکەمین بەرنامەی پەخش کرایەوە. ئەوندەی کاتم ببێ گوێی پێئەدەم، وەک گوێگرێکیش هەستم بە هەر کەموکوڕییەک کردبێت، خستوومەتە بەردەستان!

**کات بۆ هەندێک تەڵایە**
**بۆ هەندێکیش بەڵایە!**

زۆر جار لە ناو واگۆنێکی شەمەنەفەر کە لە ستۆکهۆڵم دا هاتووچوو ئەکات، بینیومە کەسێک کامپیتەرێکی لەسەر رانی داناوە و خەریکی کارکردنە، هەروەها لە کاتی نانخواردنی نیوەرۆ لە ناو رستۆرانەکانی شیستا(Kista) و... هەمان دیمەنم بەرچاو کەوتووە. ئەوە نیشانەی گیروگرفتی زۆری ژیانە، مرۆڤیش کاتی کەمە و فریا نەکەوێت ئەنجامیان بدات. تا ئەو جێگەی ئاگادارم ژیانی زۆربەی خەڵکی جهان بەو جۆرەیە! لێرەدا ئەتوانم بڵێم کات لە تەڵایش **گرانبەهاترە**!

**با بزانین نرخ و بەهای کات لە رادیۆ زایەڵە دا چلۆنە**

هەموو رادیۆیەک کاتی پەخشی خۆی لە <u>سەرتای بەرنامەکە</u> لەگەڵ ریزی بەرنامەکانیدا رائەگەێنێت.
بەڵام رادیۆ زایەڵە بۆ ماوەی چەن ساڵ بەرنامەکەی بەم جۆرە پەخش ئەکرایەوە:
**بەشی کوردی رادیۆیی سوید، زایەڵە.**
**ئەم کاتەتان باش گوێگرانی هێژا!**
**لە بەرنامەی ئەمرۆدا کە من .... لەگەڵ هاوکارانم .... پێشکەشتانی دەکەم چەن بابەت دەبیستن.**

پاشان بەرنامەکە بە موزیک یا گۆرانییەک درێژە دەدرا، بێ ئەوەی باسی کاتەکەی- رۆژەکەی- مانگ و ساڵەکەی بکرایەت، ئەوەیش لە سویددا- لە سویدێکدا کە بۆ بچوکترین کار کات <u>بە دەقێقە و سەعات و رۆژ و مانگ و ساڵەوە لە بەرچاو ئەگیرێت!</u>
لە 22/ 6 / 2005 نامەیەکم لە رێگای ئەنترنێتەوە سەبارەت بەو بابەتە خستە بەردەست ئێوە و گوێگرانی رادیۆ. خۆشبەختانە پاش ماوەیەکی کورت زایەڵەیش وەک بەشەکانی دیکەی رادیۆ سوید، بۆ نموونە رادیۆی فارسی پڕواک کاتی راگەیاند.

لە ماوەی ئەم چەن ساڵەدا هەنێ ئاڵوگۆڕ لە کاتی پەخشی زایەڵە دا ئەنجامدراوە. بە داخەوە لەم ئاڵوگۆڕانەدا کەمتەرخەمی، سویدی وتەنی(**slarvig**) وێژەرانی رادیۆ زایەڵە بە رادەیەک گەیشتووە، ئەکرێ بڵێین پێویستیان بە کۆرش (دەورەیەکی) تایبەتی لە بواری گوێگری و وێژەیدا هەیە!

لێرەدا سەرنجتان بۆ ئەو نموونانەی خوارەوە را ئەکێشم:
1 - ماوەیەک وێژەرانی رادیۆ زایەڵە لە درێژەی بەرنامەکەدا ئەیانکوت: **ئەم بەرنامەی کە بیستان وەک هەموو بەرنامەکانی پێشووی زایەلە لە سەر شەپۆلی FM و فرکانسی 89،6 میگاهیرتس بۆ دانیشتوانی ستۆکهۆڵم لە کاتژمێر دە و بیست دەقێقە(10,20)ی ئەمشەودا بڵاو ئەکرێتەوە.** بەداخەوە بەرنامەکە لەو کاتە واتە 10,20 دەقێقە بڵاو نەدەکرایەوە، بەڵکو لە نۆ و سی دەقێقەدا 9,30 بڵاو دەکرایەوە.

2 - رۆژی **14** مانگی**Maj** وێژەری رادیۆ رادەگێنێت: **ئەم بەرنامە لە سەر شەپۆلی FM و فرکانسی 89،6 میگاهیرتس بۆ دانیشتوانی ستۆکهۆڵم لە کاتژمێر نۆ و سی دەقێقە 9,30 ی ئەمشەو بڵاو دەکرێتەوە.**

بێئەوەی ڕوونکردنەوەیەک سەبارەت بەم گۆڕانکارییە بخرێتە بەردەست گوێگران.

**3 – ساڵی زاینی و ساڵی کوردی**

ساڵی زاینی ساڵێکی ئایینییە، وەک لە ساڵنامەکاندا نووسراوە سەری ساڵی زاینی بە پێ ئاڵوگۆڕەکان بە سەر ژیانی عیسا مەسیح دانراوە.
سالی کوردی، ساڵێ کوردی بە پێی سووڕانی زەوی بەدەوری ڕۆژدا دیاری ئەکری و سەری ساڵەکەیشی یەکەم ڕۆژی بەهارە، واتە **نەورۆز**.
سەرەتای مانگەکانی زاینی و مانگەکانی کوردی **10** ڕۆژ جیاوازییان هەیە، بە هیچ جۆریک یەک ناگرنەوە! لێرەدا سەرنجتان ڕائەکێشم بۆ ئەو بابەتە لە ماڵپەڕی ڕادیۆ زایەڵەدا :


Sveriges Radio International - کـوردی ... KURDÎ

Page 1 of 1

**26 maj 2008 - 1 juni 2008**

26/5 - Xwedî dîploma û ne-xwedî dîploma
26/5 - دووشەممە ٢٦ی گوڵانی ٢٠٠٨
27/5 - سۆنیا هارتنێت، بەرپرسی خەڵاتی لیندگرین بۆ نامەی منداڵان
27/5 - 27/05/2008
27/5 - Konferansa Îraqê ya li Swêdê
28/5 - کۆنفرانسی نێونەتەوەیی بۆ ئاشتەوایی عێراق
29/5 - کۆنفرانسی چاپەمەنیی وەزیرانی دەرەوەی ئەمریکا و سوید
29/5 - Konferansa navnetewî ya li ser pêşeroja Îraqê dest pê kir
30/5 - دووری سوید لە داهاتووی عێراقدا
30/5 - Encamên konferansa Îraqê...

GUHDAR BIKE

Arşiva 30 rojan

ئەرشیفی مانگانەی بەرنامەکان گوێی لێبگرێت! بۆ ئەوەی هەر کاتێ دەرفەتت بۆ هەڵکەوت،

بابەتە هەڵبژاردەکانی زایەڵە بەفۆرمەتی (MP3) دابەزێنە!

پەیامگری زایەڵە:
+46 8 784 3947

لەو بەشەی لە ژێر ناوی (**26 maj 2008 – 1 juni 2008**) نووسراوە
**( دووشەممە 26 ی گوڵانی 2008 – 5 / 26)**

**26** ی مانگی گوڵان و( **26** ی مانگی **5** واتە مانگی **maj**) لە یەک ڕۆژدا نین. سەرەتای مانگی **maj** بەرانبەرە لەگەڵ یازدەی گوڵان. ئەگەر کەسیک کۆنترۆڵی بەرنامەکانی مانگی**maj** ڕادیۆ زایەڵە بکات ئەو باسە باشتر ڕوون ئەبێتەوە.

**4 – شێوەکاری بەڕێوەبردنی ڕادیۆ زایەڵە**

ڕادیۆ سوید ( **SR** ) بە پێی پرنسیپێکی ڕێکوپێک و بە سەرمایەی ماڵی دەوڵەتی سوید بەڕێوە ئەچێ.
لەگەڵ ئەوەدا ڕادیۆ زایەڵە ڕادیۆی دەوڵەتی سویدە بەداخەوە ئەو پرنسیپە کارییەی تێدا بەدی ناکرێ.

کاتی ڕادیۆ زایەڵە سی دەقێقەیە، لەو ماوە کورتەدا ڕووداوە گرنگەکانی جهان - سوید و کوردستانیش بۆ گوێگرانی ڕادیۆ زایەڵە وەک بەشێکی ماسمێدیا لە ئارادایە، هەروەها گورانی یا موزیک یا بابەتێکی ئەدەبیش وەک خوێی چێشت بۆ بەرنامەکە پێویستە. با بزانین لەو ماوە کورتەدا چی بڵاو ئەکرێتەوە.

**گوێگرانی گوێ گران ؟**
بەرەیوەبەرانی زایەڵە ئێستا کاتی ڕادیۆ بەم جۆرە ڕائەگەیەنن:

**زایەڵە هەموو ڕۆژانی ئاسایی هەفتە بۆ ماوەی نیو سەعات بەرنامە بڵاو ئەکاتەوە:**
**کاتی وەشان پێنجی ئێوارە بە کاتی سوید.**
**دەم پێنجی ئێوارە بە وەختی سوید.**
**کاتی وەشان پێنجی ئێوارە.**
**پێنجی ئێوارە.**
**پێنجی ئێوارە بەکاتی سوید.**
**ڕێک پێنجی ئێوارە بە کاتی سوید.**

راستی ئەوە کات راگەیاندنە، یا کات کوشتنە؟ پەندێکی کوردی ئەڵێ: **ئەوەی کەسە حەرفێکی بەسە!** واتە مرۆڤ بە تەنیا جارێک تێئەکات. ئێمەی گوێگرانی زایەڵەیش مرۆڤین!

هەروەها لە درێژەی بەرنامەکانی زایەڵەدا چەندین کەس بە شوێن یەکەوە بێ ئەوەی ناوەکانیان بەیان کرێت ئەو رستانەی خوارەوە ئەڵێن:
**سپاس بۆ بەڕێزتان.**

**.....**

**لەو شوێنەی ئاو هەیە ژیان هەیە.**

**ئا ئەو زارۆک .....**

**تروتت، ستریس یا ویل سۆڤا .... .**

**زۆرێک لە ژنان توشی کێشەی دەرونی بوون.**

**( Ingmar Bergman ئینگمار بێریمەن ) یەکێکە لە وەستاکانی هۆنەر.**

**دەکرێ وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە کە کەی ئینشعاب ئەکەن؟ ... پرسیارێکی سەریرە، هاهاها... !**

**ئۆشەکتا .... .**

**تۆ کەی زانیت کە هێمۆسیکسیولیت؟**

**ئەڵبەت وەختێک درێژ دەکرێ تا ئێمە تەجروبەیەکی باش پەیدا ئەکەین. .... –**

**گوزەرنامەی عێراقی چەن جۆرێکی هەیە.**

**ئەویش ....**

**فێستانی کوردان پڕ خۆشە من ئەچم .... – .....**

با لە هەندێک لە رستانە بکۆڵێنەوە.
**سپاس بۆ بەڕێزتان.** گرنگی ئەو رستە لە چیدایە و دەسەکەوتەکەی بۆ گوێگر چییە؟

**لەو شوێنەی ئاو هەیە ژیان هەیە.** هەموو کەسێک ئەزانێت و لە کوردیدا ئەڵێن: **ئاو و ئاوەدانی.**

**زۆرێک لە ژنان توشی کێشەی دەرونی بوون.** لەبری دووبارە و سەد بارەکردنەوەی ئەو رستە باشتر نییە، کە وتووێژێک لەگەڵ کەسێکدا بکەن تا بەپێی توانای خۆی لە رێگای رادیۆ زایەڵەوە هەنێ لە هۆکاری ئەو کێشانە دەسنیشان بکات؟

**تۆ کەی زانیت کە هێمۆسیکسیولیت؟** لە ماسمیدیای سویدیدا زۆر جار لەو وتووێژانە ئەنجامداروە.
ئایا بۆ گوێگران و بیسەرانی خۆیان بەجۆرەی بڵاوی ئەکەنەوە؟
ئایا ئەوە گاڵتەکردن بەو کەس و بە رووداو دانەوەیدا نییە؟ مەبەست لە بڵاوکردنەوەی ئەو رستە چییە؟ ئەگەر وەک کێشەیەکی کۆمەڵایەتی ئەیبینن، وتووێژی تایبەت لەگەڵ دوکتۆر و مافناس و کارناس لەو بوارەدا بکەن و وتاریشی لەسەر بنووسن!

**گوزەرنامەی ئێراقی چەن جۆرێکی هەیە.** ئەوە پێوەندی بە دەوڵەتی ئێراقەوە هەیە. ئەو کەسەیش کە ئەوەی بەلاوە زۆر گرنگە، ئەتوانێ بڕوات بە سەرومالەوە بۆ دەوڵەتی ئێراق کار بکات.

**فێستی کوردان پڕ خۆشە !** لە باری ئێکۆنۆمییەوە ئەو رستە بۆ ئەو کەسانەی کە شەوئاهەنگەکان بەڕێوە ئەبەن، زۆر زۆر پێویستە و گەلێ سوودبەخشە!

دەسکەوتی بڵاوکردنەوەی ئەو رستانە بەو جۆرە جگە لە به فیرۆدانی کات ئەبێ چی بێت؟ لێرەدا ئەبێ بڵێین کات بۆ رادیۆ زایەڵە بە **تەواوی بەڵایە**! ئەگەر کەموکوڕییەکانی زایەڵە بە باشی دەسنیشان کەین کاتێکی تایبەت و نووسراوەکی تایبەتی پێویستە!

بۆ ئەوەی ماندوویەتی ئەو باسە وشکە لە سەر دەرکەین، ئەگەڕێینەوە بۆ دەورانی مناڵی و ئەرۆین بۆ تماشای دانسۆگەی فیلان.


گوێگرێکی رادیۆ، سەعی سەفزی– قایشی 5 - 6 - 2008 qayshi@yahoo.com







**دەسەڵاتی وەرگێڕ لە هونەری وەرگێڕاندا**




## دانسۆگەی فیلان

**فیلێکی گەورەی گوێ پان**
**دەهۆڵێکی کردبووە شان**
**لەسەر تاڵێکی– جاڵجاڵۆکە**
**دەهۆڵی ئەکوتا– بێوچان**

**بانگی کرد لە هاورێکەی**
**بردییە سەرێ بۆ لاخۆی**
**ئەویش، زورنای دەرهێنا**
**خێرا – دەمی پێوەنا**

**فیلەکان زانیان– هەموو**
**هاتن– تێکرا زووبەزوو**
**بە گۆرانی و چەپڵەلێدان**
**چوونە سەرێ بۆ لایان**

**های، های فیلەکان،**
**چەن خۆشە دانسەکەتان**
**رێگامان دەن با، ئێمەیش**
**بێینە سەرێ بۆ لاتان**

## En elefant balanserade

**En elefant balanserade**
**på en liten, liten spindeltråd**
**Det tyckte han var så intressant,**
**så han gick och hämtade en anan elefant**

**Två elefanter balanserade**
**på en liten, liten spindeltråd**
**Det tyckte dom var så intressant,**
**så dom gick och hämtade en anan elefant**

**Tre elefanter …. osv.**

**F: Gren - Nilsson**

هێمای ئەو چەبد دێرە کوردییە، لەو هۆنراوە سویدی بەناوی( **en elefant balanserade** ) لەو کتێبە سویدییەی سەرەوە بەناوی( **Elefantboken** ) بە پێنووسی ( **Gren - Nilsson** ) وەرگیراوە. 2008 /4 /22